# بەڕێوەبەری پاسپۆرتی پارێزگای سلێمانی "جەعفەری لەسەردەمی کابینەکەیدا دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەو هەموارکردنی ڕێنمایی ڕەزامەندی وەلی ئەمری ژنان، بۆ پاسپۆرت هەبووە

*** بەڕێوەبەری پاسپۆرتی پارێزگای سلێمانی، پاش فشارو ناڕەزایی ژنان لەسەر ڕێنمایی ڕەزامەندی وەلی ئەمر بۆ ژنان لەپاسپۆرتی جۆری (G)چ هەنگاوێکی نوێتان ناوە؟**

- عەقید روکنی یاسایی‌و بەڕێوەبەری پاسپۆرتی پارێزگاری سلێمانی ساڵح عوسمان خدر لەوەڵامدا ڕایگەیاند لەسەردانێکی تایبەتدا توانراوە جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح ببینێت‌و لەو دیدارەدا بەدرێژی باسی ئەو ڕێنماییە کراوە کە سەپێنراوە بەسەر ژناندا لە پاسپۆرتی جۆری (G)، هەروەها وتیشی، "کە بەنوسراوی فەرمی ئەو ڕێنماییەمان پێشکەشی د. بەرهەم کردووە".



بۆ/ بەڕێز کاك دکتور بەرهەم جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراقی فیدرال

پاش سلاوو ڕێز

3-لە ڕێنمایەکانی دەرکردنی پاسپۆرتی (ج) بڕگەیەك لە فۆرمی داوا کاریەکە وەکو ڕێنمایی دیاری کراوە کە بۆ ژنانی سەروو 18 ساڵ بە ڕەزامەندی (وەلی امر) پاسپۆرتیان پێ بدریت کە ئەمەش لەلایەك پێچەوانەی هەردوو بەندی 4 و 14ی دەستوری نوێ ی عیراقی فیدراله و یاسای باری کەسێتی و یاسای تازەی ڕەگەزنامەی عێراقی و بەندی 7ی جارنامەی ماف مرۆڤە وله هەمان کاتدا بۆتە هۆی ناڕازی بوونی ژنان بە گشتی و ڕێکخراوەکانی ژنان و کۆمەلگای مەدەنی کە زۆر بە توندی داوای لابردنی ئەم بڕگەیە دەکەن و بە پێ شێلکردنی ماف ژنانی ئەزانن.

بۆیە داواکارین لە بەڕێزتان کە بە هەوڵ و هیمەتتان لوتف بفەرموون بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە لە ڕێگەی وەزارەتی ناوخۆی عێراق و نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بغداد.

لە گەڵ ڕێز و سوپاسدا

عقیدی یاسایی
صالح عوسمان خدر
بەڕێوەبەری پاسپۆرتی پارێزگای سلێمانی
2007/4/15

هەر لەمیانەی قسەکانیدا بەڕێوەبەری پاسپۆرتی پارێزگای سلێمانی ڕاگەیاند کە لەبەشی ڕاگەیاندنی پاسپۆرتی سلێمانی، تۆمارێك دانراوە، کە هاوڵاتیان دوای تەواوکردن‌و دەرهێنانی پاسپۆرت بەهەردوو جۆری (S) و (G)یەوە، دەتوانن سکاڵای خۆیان بەئازادانە، لەبەرامبەر شێوازو ڕۆتینی دەرهێنانی پاسپۆرت‌و تەنانەت هەڵسوکەوتی کارمەندانی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە لەو تۆمارگەیەدا دەربڕن. لەم بارەیەوە ناوبراو سکاڵای کچێکە تەمەن ٢٩ ساڵی خستە بەردەستمان، کە تایبەت بو بە ئەو ڕێنماییەی کە سەپێنراوە بەسەر ژناندا لەپاسپۆرتی جۆری (G)دا.

*** وەڵامی جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق، د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح چی بوو دوای خوێندنەوەی نوسراوە فەرمییەکەی ئێوە؟**

- بەڕێوەبەری پاسپۆرتی سلێمانی لەوەڵامدا ئاماژەی بەوە کرد کە خودی د. بەرهەم پێی وتووە، "ئەم ڕێنماییە بەهیچ شێوەیەك قبوڵ ناکرێت‌و هەڵدەوەشێتەوە"، لەلایەکی ترەوە ساڵح تیشکی خستە سەر ئەو پەیوەندییەی نێوان د. بەرهەم‌و جەواد پۆلانی وەزیری ناوخۆی حکومەتی فیدراڵی عێراق، کە تیایدا د. بەرهەم ڕوونی دەکاتەوە، کە ئەم ڕێنماییە دژی یاساو مافی ژنانەو لەگەڵ دەوڵەتی عێراقی فیدراڵی دیموکراتدا ناگونجێت‌و جەخت دەکاتەوەو دەڵێت "من ئاگاداری دەرچوونی ڕێنمایی لەو شێوەیە نیم".



بەڕێوەبەری پاسپۆرتی سلێمانی دواجار نوسراوێکی فەرمی تایبەت بەو گرفتانەی کە ئەو ڕێنماییە بۆ ژنانی دروست کردووە، پێشکەش پۆلانی دەکات‌و لەوەڵامدا بێ ئاگایی ناوبراو لەبارودۆخی ژنان‌و جموجۆڵ‌و گۆڕانکارییەکانیان لەکوردستان دەردەکەوێت‌و بەسەرسامییەوە دەڵێت، "بۆچی مەسەلەی ئەو ڕێنماییە تەنها لەسلێمانی بۆتە گرفت". لەوەڵامدا بەڕێوەبەری پاسپۆرتی سلێمانی دەڵێت "ئەم ڕێنماییە ژنانی سلێمانی تووشی شۆك کرد، ئەوان چاوەڕێی پێشنیاری وایان لەحکومەتی فیدراڵی عێراق نەدەکرد".

هەر لەمیانی چاوپێکەوتنەکەدا بەڕێوەبەری پاسپۆرتی سلێمانی ئاماژەی بەوە کرد کە سەردانی بەشی یاسایی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەفەرو ڕەگەزنامە) لە بەغداد کردووەو داوای ئەو نوسراوەی کردووە کە ئەو ڕێنماییەی پێ دەرچووە، لێپرسراوی بەشیش پێی ڕاگەیاندووە کە نوسراوی لەو جۆرەیان نیەو ئەو ڕێنماییە بەزارەکی دەرچووەو بووە بەڕۆتین‌و کاری پێکراوە، بەڵام ساڵح جەخت لەوە دەکاتەوەو پێی دەڵێت " گەر نوسراوی ڕەسمی نەبێت بۆ ئەو ڕێنماییە ئامادە نین پابەند بین پێوەی". پاش ئەم گفتوگۆیە کارمەندە یاساییەکە نوسراوێکی تایبەت بەمەسەلەی ئەو ڕێنماییە دەدۆزێتەوەو دەیدات بە ساڵح، ئەمەش ناوەڕۆکی نوسراوەکەیە:

خاڵی یەکەم: ڕێنماییە جێبەجێکراوەکان ڕێگە دەدات بەسەفەرکردنی ژنان لە هەر کاتێک بیەوێت، بەبێ محرم.


خاڵی دووەم: بەڵام ڕێنماییەکی تر ڕێگە نادات بەژنی شووکردو پاسپۆرت دەربهێنێت، بەبێ ڕەزامەندی هاوسەرەکەی، هەروەها کچ و ژنی شوونەکردوو و ئەو ژنانەی کە جیابوونەتەوە دەبێت بەڕەزامەندی یەکێك لەپیاوانی بنەماڵەکەی بێت.

خاڵی سێهەم: سەرۆك وەزیران دەسەڵاتی تەواوی هەیە لەهەڵوەشاندنەوەو هەموارکردنی ڕێنماییەکانی سەرەوە هاتووە.

تێبینی/ بەپێی خاڵی (٣) ی نوسراوی ژمارە ٥١ -٢٠٠٤/٩/١٣ کە لەلایەن د. فازل محەمەد جەواد ڕاوێژکاری سەرۆك وەزیران بۆ کاروباری یاسایی کە ئاڕاستەی نوسینگەی سەرۆك وەزیران ئیبراهیم جەعفەری کراوە.

بەڕێوەبەری پاسپۆرت لەسەر ڕۆشنایی بڕیاری ناوبراو باسی لەوە کرد کە ئیبراهیم جەعفەری ئەگەرچی لەسەردەمی کابینەکەیدا دەسەڵاتی ئەوەی هەبووە کە ئەو بڕیارە هەڵوەشێنێتەوە یا هەمواری بکات، بەڵام ئەو بڕیارەی شاردۆتەوەو کاری بۆ نەکردووەو لەو کاتەوە گرفتی هێنانی ڕەزامەندی وەلی ئەمر ڕوبەڕووی ژنان دەبێتەوە.

**ئا/ ڕێوان**



بسم الله الرحمن الرحيم

REPUBLIC OF IRAQ
Prime Minister's Office

جمهورية العراق
مكتب رئيس الوزراء
مستشار رئيس الوزراء للشؤون القانونية
العدد: ٥١
التاريخ: ٢٠٠٤/٩/١٢

مكتب السيد رئيس الوزراء المحترم
م / سفر المرأة

١. التعليمات النافذة تسمح للمرأة بالسفر وقت ما تشاء من دون الحاجة الى مرافقتها بما يسمى ( محرم ).
٢. ولكن تعليمات أخرى لا تسمح للمرأة المتزوجة بالحصول على جواز سفر إلا بموافقة زوجها ولا للمرأة غير المتزوجة أو المطلقة إلا بموافقة أحد ذويها.
٣. الصلاحية تعود للسيد رئيس الوزراء بالغاء أو تعديل التعليمات أعلاه.

مع التقدير

د. فاضل محمد جواد
مستشار رئيس الوزراء للشؤون القانونية
٢٠٠٤/٩/١٢

# پاشماوەی چ زهنیەتێکە (دوعا) کان بەو شێوەیە دەکوژرێن!؟

چەند ڕۆژێك بەر لە ئێستا ناوچەی (بەعشیقە) بووە ئەو جێگایەی کچێکی تر نوقمی خوێن بکات.. بە دەستی زهنیەتێك کە بۆ گۆڕینی ئەم زهنیەتە پێویستی بە تێکۆشانێکی درێژ خایەن هەیە.

(دوعا)ی مرۆڤ وکچە یەزیدی، مرۆڤێکی ترە لەو مرۆڤانەی کەبەر لە چەند ڕۆژێك لە مەوپێش بەبەر چاوی دەیان کەس و پۆلیسەوە، بە لێدانی شەق و بەردو بلۆك گیانی نوقمی خوێن کراو کۆتایی بە ژیانی هێنرا بۆ هەتا هەتایە... کە دەبوو ئەو وەك هەر مرۆڤێکی تر لە ژیاندا بوایەو مافی ژیانی هەبوو، بەڵام بەداخەوە نەك مافی ژیانی پێ نەبڕدرا، بەڵکو وەکو مرۆڤیش نەکوژرا..!؟ وە دیمەنی کوشتنی ئەم مرۆڤە، ئەم ژنە، بە شێوەیەك بوو کە بە هەموومانی دەگووت: (زهنیەتێك هەیە هێشتا مرۆڤانە بیر ناکاتەوەو کەچی هەمووشمان لێی بێ دەنگین!!) بۆیە لەم چوار چێوەیەدا بەدەر لە هەموو بیر کردنەوەیەکی بەرتەسك و ناوچەگەری و مەزهەبی و دینی دەمەوێت لەسەر ئەقڵیەتێك ڕاوەستە بکەم کە دەڵێت: (هەموو شتێك دەسڕمەوە لە پێناو مانەوەی خۆمدا).

لۆژیکی نیە ئەگەر ئەم ڕووداوە بەشێوەیەك باس بکەین کە هاوتای نیەو نابێت لە مێژوودا، بەڵکو ئەم جۆرە کارانە ڕەگ و ڕیشەیان دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ بەر لە ئێستا، بەڵام ئەمڕۆ لە ڕێگەی جۆراو جۆرو بەم چەشنە و لە وێنایەکی ئاوا قێزەوندا خۆی دەنوێنێت و دەردەکەوێت. ڕەگ و ڕیشەی ئەم کلتورە لەو کاتەوە سەری هەڵداوە کە ژیان، وە بەتایبەت ژیانی گەلی کورد سروشتی بوونی خۆی لە دەست داوەو عەقڵیەتی تاك ڕەوی و ڕەگەز پەرستی پەرەی سەندوەو گەشەی کردوە. بۆیە ناکرێ و بێ ویژدانیە ئەگەر تەنیا پەنجەی تاوان بۆ کۆمەڵێك کەس ڕاکێشین کە ئەمڕۆ بوونە سووتەمەنی ئەم کارە... وە خەڵکانێکی تریش لە ژێر پەردەو بەبیانوی جۆراو جۆر، ڕۆژانە مافەکانی ژن پێشێل بکەن‌و لەبن دەستیاندا ڕۆژانە بە هاوشێوەی (دوعا) سوکایەتیان پێبکرێت‌و ئێمەش لێی بێدەنگ بین؟.

هەموو قەڵەمبازو گۆڕانکارییەکی ڕیشەییانە لە ئەنجامی ڕەوشێکی دژوارەوە دێتە کایەوە. بۆیە دەکرێت مەرگی (دوعا) بکرێتە سیمبوڵی مەرگی دوعاکانی تری پێش خۆی کە بە بێدەنگی (کوژراون و زیندە بەچاڵ کراون و سوکایەتیان پێ کراوە...) تاکو چیتر ڕووداوی لەم چەشنە ڕوونەداتەوە، وە گرنگە ئەو باس‌و خواسەی کە ئەمڕۆ دەرهەق بەم کارە دەکرێت ببێتە باس‌و خواسێکی پراکتیکی‌و کارکردنی بەردەوام بێت بۆ بن بڕکردنی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ و لە ناویشیاندا مافەکانی ژن بە تایبەتی، نەك ئەم ڕووداوەش وەك هەموو ڕووداوەکانی تر کۆتاییەکەی پێشکەش کردنی یاداشتێك‌و چەند کۆپلە شعرێك‌و چەند نوسینێك و کۆنفرانسێك بێت‌و پاشان تا ڕووداوێکی تری لەم چەشنە یان هاوشێوەی بێدەنگ بین...

دەشێت ئەم ڕووداوە لە گەلێك لایەنەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت، بەڵام بە بۆ چوونی من ڕاست ترینیان ئەوەیە کە ئەم کێشەیە تایبەت بە ئاینێك یان نەتەوەیەك تەماشا نەکرێت، بەڵکو وەکو زهنیەتێکی پاشکەوت‌و خوێندنەوەی بۆ بکرێت کە بەدرێژای ساڵانە لە نێو زۆرێك لە ئاین‌و نەتەوەکاندا هەیەو بۆتە دێوەزمە بەسەر ژیانی مرۆڤەوە... وە ئەژمار بۆ ئەوە بکەین کە بەهرەی هەڵ هاتنی ئەم زهنیەتە لێرە و بەهۆی ئەو پاشاگەردانیەی کە هەیە لە هەموو شوێنێك زیاترە.. بۆیە ئاوا بێ شەرمانە لە بەرچاوی کامێراو دەسەڵاتەوە ڕووداوی لەم چەشنە ڕوودەدات.

کەواتە بۆ ئەوەی بژین بۆ جوانیەکانی ژیان، گرنگە مرۆڤانە بیر بکەینەوە، وە جیاوازی ڕەگەزی‌و ڕەنگ‌و ئاین... نەبێتە پێوانە بۆ ژیان بەڵکو ئەوەی کە هاندەری کارە باشەکانمان بێت تەنیا خزمەت کردن بێت بە مرۆڤ. بێگومان هەر ئەم کارەشە ڕێگری دەکات لە دووبارە بوونەوەی توندو تیژی، چونکە بەداخەوە تا ئێستا زۆربەی ئەو قسانەی کە کراون تەنیا قسەکردن بووە لە سەر ئەو (دوعا)یەی ئێمە بینیمان بەو جۆرە کوژرا... لەکاتێکدا هەزاران دوعای تر فەرامۆش کراون‌و بێدەنگانە بەڕێکراون...!

**کاروان سالار**

# ناوو ئیمزای کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال بۆ دادگایی کردنی بەشداربوانی کورد لە پرۆسەی ئەنفالدا

لیستی نۆیەم

| | | | |
|---|---|---|---|
| قادر عەلی جەوهەر | کاسب | قەڵاچرموڵە | ٦ |
| ڕەشید جەوهەر محەمەد | جوتیار | قەڵاچرموڵە | ٩ |
| عەلی جەوهەر محەمەد | جوتیار | قەڵاچرموڵە | ٦ |
| عەدنان حەسەن ساڵح | کەم ئەندام | قەڵاچرموڵە | ١١ |
| فاتیح ئەکبەر ڕەشید | جوتیار | پیرەمونی | ٢ |
| زەریفە عەبدلرەحمان | بێوەژن | پیرەمونی | ٢ |
| قەدریە مەحمود مەجید | ژنی ماڵ | پیرەمونی | ٢ |
| نەسرین ئەکبەر ڕەشید | کچی ماڵ | پیرەمونی | ٢ |
| جەمیلە عەبدوڵا حەسەن | ژنی ماڵ | پیرەمونی | ٢ |
| ئیکرام قادر حەسەن | کاسب | پیرەمونی | ٢ |
| فەریدە سابیر عەبدولقادر | ژنی ماڵ | پیرەمونی | ٤ |
| مەهروب ئەحمەد محەمەد | ژنی ماڵ | پیرەمونی | ٤ |
| خاوەر عەلی محەمەد | ژنی ماڵ | رزگاری | ٦ |
| مەهروب ڕەشید کەریم | بێوەژن | رزگاری | ٣ |
| هاوژین محەمەد ئەحمەد | ژنی ماڵ | رزگاری | ٢٠ |
| مریەم ساڵح کەرەم | کچی ماڵ | رزگاری | ٢٠ |
| ساڵح کەرەم ئەورەحمان | هەژار | رزگاری | ١ |
| مهاباد خەلەف ئەمین | ژنی ماڵ | رزگاری | ١ |
| فەتاح محەمەد قادر | کاسب | رزگاری | ٥ |
| ئەحمەد سلێمان عەلی | کاسب | رزگاری | ٣ |
| سروە عەزیز سەعید | ژنی ماڵ | رزگاری | ٦ |
| مینا عەلی ئەحمەد | ژنی ماڵ | رزگاری | ١ |
| زارا دارا محەمەد | ژنی ماڵ | رزگاری | ٢ |
| بێخاڵ عەلی والی | ژنی ماڵ | رزگاری | ٦ |
| جەزا ڕەئوف فەرەج | کاسب | رزگاری | ٢ |
| ڕێژاو محەمەد سەعید | ژنی ماڵ | رزگاری | |